# ڕۆڵی ئایینی ئیسلام لە بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی کوردیدا: توێژینەوەیەکی پەسنیی شیکارییە

م. ی. کاروان عبدالرحمن علی پاڵانی

karwan.palani@garmian.edu.krd

وانەبێژ لە بەشی عەرەبی و، بەشی پەروەردەی دەروونناسی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختەی توێژینەوە**

ئیسلام وەك ئایینێکی ئاسمانی و بەرجەستەی زۆرینەی کورد، بەشدارییەکی کارای لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبووە، بۆیە ئەم توێژینەوە ئامانجی دەرخستنی ڕۆلی ئایینی ئیسلامە، وەك جەمسەرێکی سەرەکیی بۆ پێکهێنان و پتەوکردنی شوناسی نەتەوایەتیی کوردی، لەگەڵ تیشك خستنەسەر مەودا ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی و رامیارییەکانی ژیانی کوردەواریدا. توێژینەوەکە پەیوەندیی نێوان ئایین و شوناسی نەتەوەیی کوردی تاوتوێ دەکات، بە خستنەڕووی چۆنیەتی کاریگەریی ئیسلام لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پاراستنی یەکریزی کۆمەڵگەی کوردیی، لە ژێر ڕۆشنایی ئاڵنگارییە جۆراوجۆرەکانی وەک: داگیرکاری دەرەکی و دابەشکاری سیاسی. کەوابو، توێژینەوەکە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پەیوەندی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگە فرە کلتوریەکاندا، پرسیاری توێژینەوەکەش چەند پرسێکی لەخۆگرتووە، لەوانە: ئایا ئیسلام چ رۆڵێکی لە بوژانەوەی بیری نەتەوایەتی و پاراستنی شوناسی کوردیی هەبووە؟ ئایا توانراوە سوود لە هەژموونی پرەنسیپە ئیسلامییەکان وەربگیردرێ بۆ خزمەتکردنی شوناسی نەتەوەیی؟ توێژینەوەکە پشت بە میتۆدۆلۆژیای شیکاریی دەبەستێت؛ کە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شیکردنەوەی دەقی ئایینی و سیاسی کوردیی پێکەوە گرێدەدات، هەروەها پلانی توێژینەوەکەش لەم بابەتانەی خوارەوەدا پێکدێت:

دەروازە: باسکردنی پوختەیەك دەربارەی ئایینی ئیسلام و موسوڵمانبوونی کورد. بەشی یەکەم: ڕۆڵی رۆشنبیری ئیسلام لە گرنگیدان بە نەتەوە و کلتوری کوردیدا. بەشی دووەم: دامودەزگا ئاینییە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە پاراستنی شوناسی نەتەوەییدا.بەشی سێیەم: ئیسلام لە نێوان ڕێککەوتن یان دژایەتی گوتاری ناسیۆنالیستی مۆدێرنی کوردیدا

بەشی چوارەم: شیکارییەکی هاوچەرخ بۆ ڕۆڵی ئیسلام لە دارشتنی شوناسی نەتەوەیی کوردی لە بەرامبەر ئاڵنگاری و دەرفەتەکاندا. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە گەیشتووەتە چەند ئەنجامێك، لەوانە: ئیسلام بەشداریی لە پاراستنی ناسنامەی کلتوری کوردی کردووە، هەروەها لە ماوەی پێشوودا وەك پێویست نەتوانراوە سوود لە ئیسلام وەربگیردرێ لە خزمەت پرسی نەتەوەیی کوردی و داخوازییە نوێیەکانی.

**کلیلە وشەکان**: ئایینی ئیسلام، کورد، شوناسی نەتەوەیی.

**پێشەکی:**

بێگومان ئایینی ئیسلام، بەشێکی دانەبڕاوە لە شوناسی کلتوری و نەتەوەیی گەلی کورد، کە بە درێژایی مێژوو ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە داڕشتنی بەها و دابونەریت و ژیاریدا گێڕاوە. کاریگەری ئیسلام لەکوردستاندا لەدوای تەشەنەکردنی لە ناوچەکەدا فراوانتر بووە و، بووەتە فاکتەری گرنگ بۆ داڕشتنی هۆشیاری بەکۆمەڵی گەلی کورد. سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە لەبەردەم کۆمەڵگەی کوردین، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پەیوەندی نێوان ئیسلام و شوناسی نەتەوەیی کورد ئاڵۆز و فرەلایەنە، کە هەماهەنگی و ململانێی بەپێی زەمینە مێژوویی و جوگرافییەکان پێکەوە کۆکردۆتەوە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شیکردنەوەی ڕۆڵی ئیسلامە لە بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، لەگەڵ تیشک خستنە سەر ئەو لایەنە جۆراوجۆرە کلتوری و ئایینی و سیاسییانەی کە بەدرێژایی سەردەمەکان کاریگەرییان لەسەر ئەم پەیوەندییەدا هەبووە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی توێژینەوە لەو چوارچێوەیەدا دەسوڕێتەوە کە ئایینی ئیسلام چۆن کاریگەری لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد هەیە، و ئایا نوێنەرایەتی فاکتەرێکی یەکگرتوو دەکات کە هەستی نەتەوەیی بەرز بکاتەوە، یان لە بەر ڕۆشنایی بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستادا بەربەست لە بەردەم خواستە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی کورد پێکدەهێنێت؟ ئەمانەش لە پرسیارەکانی توێژینەوەدا گەلاڵە دەکرێن.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

1- ئیسلام بە درێژایی مێژوو چۆن بەشداری لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی کورددا کردووە؟

2- ڕۆڵی ڕۆشنبیری ئیسلامی لە پاراستنی زمان و کەلەپوری کوردیدا چییە؟

3- دامودەزگا ئاینییە کوردییەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد هەبووە؟

4- ئایا ئیسلام گوتاری ناسیۆنالیستی کورد بەهێز دەکات یان دژایەتی دەکات؟

5- ئاڵنگاری و دەرفەتەکانی بەردەم کورد لە گونجاندنی ئیسلام لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی هاوچەرخی خۆیدا چین؟

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

1. توێژینەوەکە بەشدارە لە تێگەیشتن لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلام و شوناسی نەتەوەیی کورد و کاریگەرییەکەی بە درێژایی مێژوو.
2. ڕوانگەیەکی ئەکادیمی لە ڕۆڵی دامەزراوە ئاینییە کوردییەکان لە پاراستنی شوناسی کولتووری و زمانەوانیدا دابین دەکات.
3. تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاڵنگاری کە ڕووبەڕووی کورد دەبنەوە، لە بەکارهێنانی ئیسلام وەک فاکتەری یەکگرتوو بۆ ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان.
4. بەدواداچوون بۆ گونجانی ئیسلام لەگەڵ پرسی نەتەوەیی کورد دەکات و، چارەسەر بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی پێشکەش دەکات.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

1. پێویستێتی دووبارە خوێندنەوەی ڕۆڵی ئیسلامی لە ژێر ڕۆشنایی شوناسی کورددا، بۆ بنیاتنانی گوتارێکی ئایینی؛ کە بەشدار بێت لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی کلتوریدا.
2. بەردەستنەبوونی توێژینەوەیەکی قووڵ لەسەر کاریگەریی ئیسلام، لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی کورددا.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

1. تاوتوێکردنی پرسی کاریگەریی کلتوری ئیسلامی لەسەر شوناسی نەتەوەیی کورد.
2. لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی دامەزراوە ئاینییە کوردییەکان لە پاراستنی ژیاری کلتوری و زمانەوانیدا.
3. هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان ئیسلام و گوتاری ناسیۆنالیستی کوردیی مۆدێرن.
4. بەدواداچوون بۆ ئەو دەرفەت و ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی کورد دەبنەوە، لە بەکارهێنانی ئیسلام وەک فاکتەرێکی یەکگرتوو بۆ ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

بۆ نوسینی توێژینەوەکە ئەوە بە باش زانراوە پشت بە میتۆدۆلۆژیای شیکاری ببەسترێت؛ کە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شیکردنەوەی دەقی ئایینی و سیاسی کوردیی پێکەوە گرێدەدات.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

پلانی توێژینەوەکە لەم بابەتانە پێکدێت، دەروازە: باسکردنی پوختەیەك دەربارەی ئایینی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی لە کوردستاندا. لە بەشی یەکەمدا: ڕۆڵی ڕۆشنبیری ئیسلام لە گرنگیدان بە نەتەوە و کلتوری کوردیدا خراوەتەڕوو، دواتر لە بەشی دووەمدا: پرسی دامودەزگا ئاینییە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە پاراستنی شوناسی نەتەوەییدا باسکراوە، و لە بەشی سێیەمیشدا: ئەوە باسکراوە ئیسلام لە گوتاری ناسیۆنالیستی کوردیی لە نێوان ڕێککەوتن و دژایەتیدا پاشان لە بەشی چوارەمدا: شیکارییەکی هاوچەرخ بۆ ڕۆڵی ئیسلام لە دارشتنی شوناسی نەتەوەیی کوردی لە بەرامبەر ئاڵنگاری و دەرفەتەکاندا هەڵوەستەکراوە، لە کۆتاییشدا چەند ئەنجام و پێشنیازێك خراونەتەڕوو.

**دەروازە: پوختەیەك دەربارەی ئایینی ئیسلام و موسوڵمانبوونی کورد**

ئیسلام کۆتا ئایینی ئاسمانییە، کە خودا لە ڕێی پەیامبەرەکەی محەممەد (د.خ) ڕەوانەی مرۆڤایەتیی کردووە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ) (آل عمران: 19)، ئەم ناوەشی بە واتای ملکەچبوونی تەواوە بە خودای گەورە لە پەرستن و بەندایەتی و، لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی خودایە (ابن تیمیە، 2002، 2007)، لەگەڵ باوەڕبوون بەوەی کە محەممەد (د.خ) کۆتای پەیامبەرانە، خوای گەورە فەرموویەتی: (مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ) (الأحزاب: 40) (الطبری، 2001، 122/19). کەواتە ئیسلام ئایینی سەرجەم پەیامبەرانی پێشووە (د.خ)، کە بریتییە لە پەرستشی خوا لە پابەندبوون بە قورئان و فەرموودەکانی پەیامبەرەکەی (د.خ)، سەبارەت بە خواناسی و نیازپاکی لە کردەوە و ڕەفتارەکاند (إبراهیم، 2015، 18-19).

بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین: ئیسلام، ئایینێکە بانگەشە بۆ ملکەچبوون و پەرستش بۆ خوا دەکات، لە ڕێی پەیامبەرەکەی محەممەد (د.خ) (الحمد، 2014، 16)، بەڵکو ئایینی خودایە بۆ پەیامبەرانی (د.خ)؛ چونکە هەموویان بانگەشەیان بۆ یەکتاپەرستیی خودا کردووە، لەگەڵ برەودان بە ڕەوشتی جوان و ڕەفتاری دروستی مرۆڤایەتیی، وەك دادپەروەری، چاکەکاری، لێبوردەیی، فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، ڕاستگۆیی، سۆز و بەزەیی، دەستپاکی (السقار، د.ت، 4). هەموو ئەمانە جەخت لەسەر گرنگیی دادگەریی لەناو خەڵکیدا دەکەنەوە، بەبێ گوێدانە جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە و ڕەنگ، لەگەڵ گرنگیدان بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێو مرۆڤایەتیدا، وەکچۆن خودای گەورە فەرموویەتی: (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ) (البقرة: 256).

ئەم ئایینە لەسەر پێنج پایەی بنەڕەتی دامەزراوە: دوو شایەتمان (گەواهیدان بەوەی کە جگە لە خودا هیچ خودایەک نییە و محمد-د.خ- پەیامبەری خودایە) و، ئەنجامدانی نوێژ و، زەکاتدان و، ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان و، ئەنجامدانی حەج بۆ ئەو کەسانەی کە توانایان هەیە (البخاری، 2016، 20/1). هەروەها چەند باوەڕ و بنەمایەك لەخۆدەگرێت، کە بەگشتی بریتین لە شەش پایەی باوەڕ، ئەوانیش بریتین لە: باوەڕبوون بە خودا و، فریشتەکانی و، کتێبەکانی و، پەیامبەرەکانی و، ڕۆژی دوایی و، قەدەر و چارەنوس، چ بە باشی بێ یا خراپ (مسلم، 2002، 28/1).

قسەکردن لەسەر سەرەتای ئاشنابوونی کورد بە ئیسلام، دەگێرنەوە کە (پیروەت کوڕی بارام) لە ناوچەی مەرجێن (مەرگە) کە زانایەك و ناودارێکی کورد بووە، دەچوو بۆ (شام) بۆ لای ڕاهیبە گاور و جوومکان و، هەواڵی پەیامبەری چاوەڕوانکراوی دەپرسی ... کە ئیسلام نزیك بوو بەرەو ناوچەی شارەزوور، چوو بۆ لای سەرکردەی ئیسلامی بۆ ئەو ناوچەیە و پێی دەگوت: (ئارەزووی موسڵمان بوون دەکەین ...) (حەمەکەریم، 2012، 13).

هەروەها لە ناوچەی (بۆتان)ەوە (6) شەش کەس بە ناوی بازرگانەکانی هۆزی (باجن)ی کوردی شاری (نوسەیبین)، لە جیاتی کوردە گاورەکان؛ بە نهێنی ڕۆمەکانەوە بە ناوی بازرگانییەوە دەچوونە (حیجاز) و هەواڵی هاتنەکایەی پێغەمبەری نوێ بۆ کوردی باکوریان دەهێنایەوە (مستەفا، 2002، 141. حەمەکەریم، 2012، 13).

یەکەم کوردیش چوو بۆ دیداری پەیامبەری ئیسلام (د.خ) موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند، (جابانی کوردی) بووە (أبو نعیم، 1998، 1031/6)، کە پتر لە (10) جار لە خزمەتی گەیشتووە و، چەندین فەرموودەی لێوە بیستووە (ابن الأثیر، 1996، 370/1)، دوایش گەڕاوەتەوە کوردستان و بەژداری فتوحاتی ئیسلامی کردووە و، لە دژی ستەم و کاولکاریی فارسەکان خەباتی کردووە و، ساڵی (16) کۆچی لە شاری (تکریت) کۆچی دواییکردووە (الهسیاني، 2018، 103).

سەبارەت بە موسوڵمانبوونی کورد، دەبینین موسڵمانبوونی کورد بیروبۆچونی جیاواز لەم بارەیەوە هەیە، هەندێك لە مێژوونوسان پێیان وایە سوپای ئیسلام بە زەبری هێز و بە شێوەی جینۆساید هاتونەتە کوردستان و، زۆرێك کوردەکان پاش جەنگێکی زۆر شکستیان هێناوە و بەناچاری موسوڵمان بوون (عەبدولخالق، 2012، 28. تاوگۆزی، 2014، 64)، بەوپێیەی موسڵمانان لە سەرەتای دەسەڵاتیاندا لە ناوچە دەست بەسەرگیراوەکاندا ناچاربوون وەك سیاسەتی ئەمری واقیع دان بەوەدا بنێن کە ئاینی زەردەشتی ڕەوایە و، ئەو خەڵکەی (ئەهلی کیتابن) ڕێگایان لێنەگرتن باج (جزیە) بدەن، بەڵام ئەوەندەی نەبرد پشتیان کردە کورد و زەردەستیەکان و، دەستیان کرد بە بەربەرەکانی کردنی ئەم ئایینە و، جەنگێکی بێبەزەییانە و دڕندانەیان بەرامبەریان بەرپا کرد، بێبەزەییانە قەڵاچۆیان دەکردن، ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی پشێوییەکی خوێناوی بەدوای خۆیدا بنێتەوە (نەبەز، 2005، 18). (مەردۆخی، 2007، 152).

بەڵام بەشی زۆرینەی مێژوونوسان باسی ئەوەیان کردووە، موسوڵمانبوونی کورد بەگشتی ئاشتییانە بووە، لەوانە (محەمەد ئەمین زەکی) دەڵێت: (لە دەرکەوتنی ئیسلامەتیدا کوردەکان بینیان و تێفکرین، بە تەواوی موافقی طبع و جوانیانە؛ لەبەر ئەوە بە ئاسانی و بەرەبەرە قەبوڵیان کرد ...) (زەکی بەگ، 2000، 132).

(ساڵح قەفتان) یش زۆر بە توندی وەڵامی ئەوانەی داوەتەوە کە پێیانوایە کورد بەزۆر موسوڵمان بووە، دەڵێت: (ئەگەر ئەمە ڕاست بووایە ئەبوو عەرەبەکانی ئەو حەلە لە موسڵمان بەولاوە چ تایەفەیەتی تریان لە وڵاتی ئیسلاما نەهێشتایە, ئەی جوولەکە و عیسایییەکان بۆچ مانەوە و تەشقەڵەیان پێنەکردوون. بەڵێ عەرەبەکان بۆ نەهێشتنی ئایینی موشریك بە تایبەتی هەوڵیان داوە و ئایینی (کورد و فورس)ی ئەو کاتەش کە (زەردەشتی) و بت پەرستی بووە بە موشریك دانراوە؛ لەبەرئەوە بەبێگومان عەرەبەکانیش تەقالای لەناوبردنی ئەم جۆرە ئایینەیانداوە، بەڵام نەك بە زۆری شمشێر.... عەرەبەکان لەگەڵ خوڵق قایمی خۆیانا چونکە ئیدارەکەشیان توندوتۆڵ و عادیلانە بووە تەنزیماتەکانیان خێرا سەریگرتووە و بەوە لەگەڵ منەتباری

sjh@univsul.edu.iq

خەڵکەکەدا وڵاتەکەش ئاوا بووەتەوە و، زۆربەی ئەهلەکە بە حکومەتەوە نووساوە ... جا بەم سیاسەتە (نەرم و ڕەنگین)ە لە ئێران و کوردستاندا، عەرەبەکان حاکمیەتی خۆیان خێرا شاغ کردووەتەوە و زۆر بە گورجی تیایدا دامەزراون و موسڵمانیشیان بڵاوکردوەتەوە) (قەفتان، 2004، 123-124).

هەروەها چەندین مێژوونوسی ڕۆژئاوایی دان بەوەدا دەنێن کورد بە ویستی خۆی موسڵمان بووە، لەوانە: (سیر مارك سایکس) دەڵێت: (کورد وا بە ئیسلامەوە چەسپان و پەیوەست بوون، کە هیچ میللەتێکی تر وا بە ئاسانی و سەربەستی قبوڵیان نەکرد ...) (حەمەکەریم، 2020، 185). (تۆماس ئارنۆلد) دەڵێت: (مەحاڵە بگوترێت موسڵمانەکان لە گرتنی ناوچەکانی وڵاتی ساسانی هێزیان بەکارهێنابێت، لەپێناو سەپاندنی ئاینی ئیسلام بەسەر دانیشتوانی ناوچەکە) (ناوخۆش، 2012، 46). بێگومان چەندین نوسەری ڕۆژئاوایی هەن گەواهی ئەم ڕاستیە دەدەن، کوردەکان بە ویستی خۆیان موسڵمان بوون، ئەمەش بە چەند بەڵگەیەك باسیان لێوە بکەین:-

- خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەموێت: [لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ] (البقرە: 256)، واتە: زۆرکردن لە ئایندا نییە. هەروەها دەفەرموێت: [وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ] (الأنبياء: 107) واتە: ئێمە تۆمان ناردووە بۆئەوەی ببیتە سۆز و بەزەیی بۆ جیهانیان. بەپێی ئەم ئەرکە، ئیسلام ڕاستەوخۆ توندوتیژ نییە و زۆرلێکردنی تیا نییە؛ بۆیە شیاوە بۆ هەموو کات و شوێنێك، بۆ هەموو سەردەمەکان دەگونجێت. پاشان دەفەرموێت: [ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ ۖ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ] (النحل: 125) واتە: خەڵکی بانگ بکە بۆ ڕێگەی پەروەردگارت بە لێزانی و دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین و، بە چاکترین شێوە وتوێژیان لەگەڵ بکە (طنطاوي، 1998، 262/8، 255/9).

- ئەو کەسانەی (ئەهلی کیتاب) بوون، سوپای موسڵمانان پێش دەسپێکردنی جیهاد کردن لە دژیان؛ سێ ڕێگەی لە پێش داناون: موسوڵمان بوون، جزیەدان(باج) و مانەوە لەسەر ئاینی خۆیان، یاخود جەنگ لە گەڵیان (البغوي، 1983، 6/11)، کەچی لە بەرانبەر عەرەب دوو ڕێگەی لە پێش داناون: ئیسلام بوون، یاخود جەنگ، دەبینین گەلی کوردیش وەك (ئەهلی کیتاب) مامەڵەی لەگەڵدا کراوە (ناوخۆش، 2012، 46).

- ئەگەر کورد شەڕی کردبێ لەدژی سوپای ئیسلامیی بۆ فتوحاتی ناوچەکانی، ئەوا بۆ کێی کردووە و چ دەسەڵاتێك کۆی کردۆتەوە؟ لەکاتێکدا داگیرکراو بووە! هەروەها کاتێ بوونە موسوڵمان ناوی منداڵەکانیان هی ئەو ساتە بووە، وەك: موحەممەد، عومەر، عەلی، عوسمان....ئینجا نیشانەی داگیرکاریی ئەوەیە؛ بۆ چەندین سەدە بەردەوامیی نییە؛ لەبەرئەوە وردە وردە کاریگەریی سەربازی و فەرهەنگی و فکریی دەبڕێتەوە (عەبدولخالق، 2012، 32).

- ئەو ناوچانەی کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانانەوە، بە زۆر باوەڕیان پێنەهێنراوە و ماڵ و موڵکیان زەوت نەکراوە، تەنانەت گەر دەسەڵاتدارەکانیان موسڵمان بووبێتن؛ ئەوا لە پۆستەکانی خۆیان ماونەتەوە.

- پێش ئیسلام، خاوەن ئایینەکان بەدەستی ستەم و چەوساندنەوەی هاوباوەڕە دەسەڵاتدارەکانیانەوە تاڵاویان چەشتووە و، هاتنی سوپای ئیسلامیان لەوەی خۆیان پێ باشتر بووە و، پێیان وابووە کە ڕزگاربوونیان لەو دەسەڵاتانە گرەنتی بۆ دینداری و بەرپاکردنی ڕێوشوێنە ئاینیەکانی بۆ دەستەبەرکردوون (مەحمود، 2020، 179).

هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین لەو دەمەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، خەڵکی ناوچەکە ئاینەکەیان وەرگرتووە و فەرمانەکانیان جێبەجێکردووە، ئەم ئاینە بە شێوەیەکی دیار و ڕوون فەرمانی بە خوێندەواریکردووە، هەربۆیە مزگەوت و حوجرەش لە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، نەک شار گوندیش بێ مزگەوتیش نەبووە و هەر مزگەوتێکیش مەلا یەکی بووە کە ڕێنیشاندەرو مامۆستاو فێرکەریشیان بووە، بە سەدان قوتابخانە و حوجرەی گەورە لە کوردستان هەبووە؛ کە نەوەیەکی زاناو خوێندەواریان لە زاناو ئەدیب و شاعیران بەرهەمدەهێنا، بە جۆرێک تەواوی ڕۆشنبیر و نەدەبدۆست و

sjh@univsul.edu.iq

شاعیر و نووسەری ئەم گەلە لە مەلایەتییەوە پێگەیشتبوون و هاتوونەتە ڕیزی ناوداران، تەواوی شارەزایی و زانستەکانیان لە حوجرە دەستکەوتبوو (علی و ئەوانی تر، 2020، 79).

**بەشی یەکەم: ڕۆڵی ڕۆشنبیریی ئیسلام لە گرنگیدان بە نەتەوە و کلتوری کوردی**

ڕۆشنبیری ئیسلامیی، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو دەگێڕێت لە دارشتنی شوناسی بەکۆمەڵی نەتەوەکان، کە هەڵگری سیستەمێکی فیکری و بەهای کاریگەرە لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسی. ئەم کلتورە بەشداری لە بەهێزکردنی هەستی یەکگرتویی ئیسلامی لە ڕێگەی بنەماکانیەوە کردووە؛ کە داوای یەکڕیزی و دادپەروەری و لێبوردەیی لە نێوان گەلانی جیاوازدا دەکات. لە نێو ئەم گەلانەدا، کلتوری و ڕۆشنبیریی کوردیی دیارە، کە بە قووڵی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئیسلامەوە، لە ئەنجامدا کارلێکی یاخود هەماهەنگی کلتوری و ئایینی دروست بووە، کە شوناسی کوردی دەوڵەمەندتر کردووە و، بەشداریی کارای لە گەشەسەندنیدا کردووە، ئێمە لێرەدا بە پوختی لایەنەکانی ڕۆڵی ڕۆشنبیری ئیسلامیی ئەکەین لە گرنگیدان بە شوناسی نەتەوەییدا:

**یەکەم: ڕۆشنبیری ئیسلامی و کاریگەریی لە یەکخستنی میللەتانی موسوڵمان و کۆمەڵگای کوردیدا**

ڕۆشنبیری ئیسلامیی، هەڵگری پەیام و بەردی بناغەی بنیاتنانی یەکێتی وڵاتانی موسوڵمانە، بەوپێیەی لەسەر بنەمای قورئانی پیرۆز و سوننەتی پەیامبەر (د.خ) دامەزراوە، کە داوای برایەتی و هاوکاری نێوان موسڵمانان دەکەن. خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ (الحجرات: 10)، کەواتە باوەڕداران برای یەکترن؛ بەوپێیە هەموویان ئەچنەوە سەر یەك بنچینە: ئەویش باوەڕهێنانە، ئەمەش وایپێویست دەکات لەناو یەکتردا کۆك و تەبا و دادپەوەر بن (القنوجی، 1992، 141/13). لەمبارەیەوە پەیامبەر (د.خ) جەختی لەسەر گرنگی یەکڕیزی و هاوکاری نێوان موسڵمانان کردۆتەوە و دەڵێت: (الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ، لَا يَظْلِمُهُ وَلَا يُسْلِمُهُ، وَمَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللهُ فِي حَاجَتِهِ) (البخاری، 2016، 160/6)، واتە: موسڵمان برای موسڵمانە، بۆیە ستەمی لێناکات، و لە کاتی ناهەمواردا سەرشۆڕ و تەنیای ناکات، جا ئەوەی پێداویستی براموسوڵمانەکەی جێبەجێ بکات، خوای گەورە پێداویستی بۆ جێبەجێ دەکات.

ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە برا خەسڵەتی وایە بەرامبەر بە براکەی، هەردەم بە پێی توانا سوودی پێئەگەیەنێ، و زیانی پێناگەیەنێ، کە تەنها بۆ موسوڵمان نییە؛ بەڵکو هەڵسوکەوتی دادگەری بۆ سەرجەم مرۆڤایەتییە (ابن رجب، 2008، 723)، کەوابوو ئیسلام جەختی لەسەر دژایەتیکردنی هەموو جۆرە ڕێگا و هۆکارێ کردۆتەوە، کە ببنە هۆی دووبارەکی و ئاژاوە و گرفت لە نێو موسوڵماندا، و ئاگاداری کردوونەتەوە کە ئەم جۆرە کارانە سزایان لەسەرە، بۆیە پێویستە لێیان دووربن و لەناوخۆیاندا تەبا و هاوکار بن (الحسینان، 2010، 77). بەم هۆیەوە ئیسلام یارمەتیدەرە بۆ زاڵبوون بەسەر جیاوازییە نەتەوەیی و زمانەوانییەکاندا، بەشێوەیەك جیهانی ئیسلامی کردووە بە بوونێکی یەکگرتوو، کە کلتورە جۆراوجۆرەکان لەخۆ بگرێت. لەگەڵ ئەمەشدا گوتاری ئیسلامی داوای ڕێزگرتن لە هەمەجۆریی لە نێوان گەلاندا دەکات، وەک لە قورئاندا هاتووە: ﴿وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ (الحجرات: 13)، واتە: ئێوەمان کردە گەل و هۆزی جیاواز؛ بۆ ئەوەی یەکتر بناسن، نەك بەهۆی جیاوازییەکانەوە شانازیی بکەن و بە چاوی نزمەوە لەوانی تر بڕوانن، بەدڵنیاییەوە بەڕێزترینتان لای خودا پارێزکارترینتانە (الماوردی، د.ت، 335/5).

سەبارەت بە کلتور و ڕۆشبنیریی کوردی، وەك زانراوە لە سەدەی حەوتەمی زاینیەوە لە هاتنی ئیسلام بۆ ناوچە کوردنشینەکان کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئیسلامەوە. لەوکاتەوە ئیسلام بۆتە بەشێکی سەرەکی لە ناسنامەی گەلی کورد،

بەشێوەیەك كاریگەریی لەسەر زمان، ئەدەب، هونەر، پەروەردە، و داب و نەریتی كۆمەڵایەتی كوردیدا هەبووە. زۆرێک لە زانا و بیرمەندە دیارەكانی كورد بەشدارییان لە پەرەپێدانی زانستە ئیسلامییەكان كردووە و، كاریگەریی گەورە و بەردەوامییان هەبووە لە مێژوو و ژیاری ئیسلامیدا، وەک: شێخ عەبدولقادری گەیلانی، ئیبن سەڵاحی شارەزووری، ئیبن خەلەكان، ئەحمەدی خانی، مامۆستا سەعیدی نورسی.... ئەم رۆڵ و بەژدارییانە لە چەسپاندنی شوناسی ئیسلامی لە كولتوری كوردیدا رەنگدانەوەی هەبووە، بەوپێیەی قوتابخانە ئاینییەكان و نەریتە ئیسلامییەكا، رۆڵێکی گرنگ بەردەوامیان هەیە لە كۆمەڵگای كوردیدا (علی و ئەوانی تر، 2020، 79).

ئێمە گەر بروانین لە ژیاننامە و كۆششی هەریەك لەو زانا و كەسایەتییانەی كورد لە سەدەكانی ناوەڕاستەوە بەدواوە، دەبینین ئەوانە رۆڵێکی بەرچاویان لە سەرهەڵدانی وەئاگاهاتنەوەی كورد و یەكگرتووكردنی بەشە جیاوازەكانی كوردستاندا هەبووە (برۆنسێن، 2019، 386)، هەموو ئەمانەش لەگەڵ هەستی موسوڵمانبوونیان تەبا و كۆك بوون.

**دووەم: رۆڵی رۆشنبیری ئیسلامیی لە پاڵپشتی كردنی پرسەكانی كورد و پاراستنی لە چوارچێوەیەكی ئیسلامیدا**

سەرەڕای تێکەڵبوونی كورد بە شارستانیەتی ئیسلامی، بەڵام پێکهاتەكانی ناسنامەی كلتوری جیاوازی خۆی پاراستووە، وەک: زمانی كوردی، هونەرە فۆلكلۆریەكان و نەریتی تایبەت بە كورد (برۆنسێن، 2019، 377). كەواتە ئیسلام رۆڵی هەبووە لە چەسپاندنی ئەم شوناسە نەتەوەییە، لە رێگەی بانگەوازەكەی بۆ رێزگرتن لە فرەچەشنی كلتوری؛ چونكە رێگری ناكات لە پاراستنی زمان و نەریتەكانی خۆیان، بە مەرجێک لەگەڵ بەها ئیسلامییەكاندا دژیەك نەبن.

بەڵگەی ئەم راستییەش ئەوەیە پەیامبەر (د.خ)، لە ژیان و فەرموودەكانیدا ئاماژەی بە گرنگی پاراستنی ناسنامە و كلتوری گەلان كردووە، كاتێک رێگەی بە هاوەڵانی داوە زمانە جیاوازەكانیان بەكاربهێنن، وەک ئەوەی زەید كوڕی ثابیت، كاتێک فێری زمانی سریانی جولەكەكان بوو؛ بە مەبەستی وەرگێڕانی، بە فەرمان و داواكاری خودی پەیامبەر (د.خ) (أبو داود، 2009، 489/5). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە ئیسلام زمان و كلتورەكان هەڵناگرێت بە قەدەغەكردنیان؛ بەڵكو هانی فرەچەشنییان دەدات لە چوارچێوەی بەها ئیسلامییەكاندا.

بەها ئیسلامییەكان لە رێگەی بنەماكانی دادپەروەری و یەكسانی و مافی مرۆڤەوە، یارمەتیدەر بوون لە پشتیوانیكردن لە دۆزی گەلی كورد. پەیامبەر (د.خ) لەمبارەیەوە فەرمویەتی: " أَلَا لَا فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى عَجَمِيٍّ، وَلَا لِعَجَمِيٍّ عَلَى عَرَبِيٍّ، وَلَا أَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ، وَلَا أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ، إِلَّا بِالتَّقْوَى " (أحمد، 2001، 474/18)، واتە: بەدڵنیاییەوە، نە عەرەب پلەوپایەیەكی زیاتری هەیە بەسەر گەلانی تر، و گەلانی تریش بەهەمان شێوەن بەرامبەر بە عەرەب؛ هەروەها نە سپی پێشت پلەوپایەی زیاترە بەسەر رەش پێستدا و، نە رەش پێستیش تایبەتمەندیی هەیە بەسەر سپی پێستدا؛ بەڵكو گەورەیی و پلەوپایە یاخود باڵابوونی مرۆڤ لای خوای گەورە؛ تەنها بە پارێزكارییە لە سنورەكانی خودا و ئەنجامدانی فەرمانەكانیەتی بە بەردەوامی. ئەم فەرموودەیە جەخت لەوە دەكاتەوە كە ئیسلام جیاوازی لە نێوان گەلان و رەگەزەكاندا ناكات و، هەموو مرۆڤەكان یەكسانن، بەبێ گوێدانە رەگەز و هۆزەكانیان، لە مافدا یەكسانن و، لە ئەركەكاندا یەكسانن، و لە بەرپرسیارێتیشدا یەكسانن (عودة، 1997، 107). ئەمەش وایكردووە ئیسلام چوارچێوەیەكی دادپەروەرانە دابین بكات بۆ گەلان، كە تیایدا پشتیوانی لە دۆزی گەلانی موسڵمان بكرێت و گرنگیی پێبدرێت.

زۆرێک لە زانا و بیرمەندانی موسڵمانیش پشتگیریان لە مافی گەلانی ئیسلامی كردووە بۆ گەیشتن بە دادپەروەری كۆمەڵایەتی، كە ئیسلام هەمیشە هانی بەرپاكردن و بونیادنانی دادپەروەری لە نێوان مرۆڤەكاندا داوە، وەک لە وتەی خودای گەورەدا هاتووە: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ﴾ (النحل: 90). واتە:

بەدڵنیاییەوە خوای گەورە فەرمانی دادپەروەری و چاکەکردن و بەخشندەیی بۆ خزمانتان پێدەکات، و بێ ڕەوشتی و خراپ و چەوساندنەوەش قەدەغە دەکات بەرامبەر هەموو کەسەکان (النسفي، 1998، 2/229-230).

کەواتە، ڕۆشنبیریی ئیسلامی وەک فاکتەری سەرەکیی لە پێکهێنانی شوناسی کورد و پتەوکردنی یەکگرتوویی ئوممەتی ئیسلامی دەمێنێتەوە. بەپێی ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و گەلانی دیکەی موسوڵمان، بەشێوەیەك بەشداریی لە پاراستنی فەرهەنگ و مێژووی ئەوان کردووە لە چوارچێوەی بەها ئیسلامییەکاندا. جا بە بەهۆی پتەوکردنی بنەماکانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان، ڕۆشنبیریی ئیسلامی دەتوانێت بەردەوام بێت لە پشتیوانی ئوممەتی ئیسلامی، بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، لەناویانیشدا نەتەوەی کوردی، لە گەیشتن بە داهاتوویەکی دادپەروەرتر و سەقامگیرتر بۆ هاوڵاتیانی.

بەمشێوەیە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئیسلام تەنیا ئایینێک نەبووە پەرەستش دیاری بکات و لەودا بەرجەستەبێ، بەڵکو سیستەمێکی هەمەلایەنە بووە کە پاڵپشتی یەکگرتوویی و دادپەروەری دەکرد و، ڕێزی لە فرەچەشنی کولتووری دەگرت، ئەمەش بەشدار بوو لە بەهێزکردنی پێگەی کلتور و ڕۆشنبیریی کوردی لەناو گەلانی موسوڵماندا.

**بەشی دووەم: دامودەزگا ئاینییە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە پاراستنی شوناسی نەتەوەییدا**

دامودەزگـا ئـایینییە کوردییەکـان ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەگێـڕن لە بەهێزکردنـی ناسـنامەی نەتەوەیـی کـورد، بەتـایبەتی لە ژێـر ڕۆشنایی ئەو ئاڵنگاریە نوێیانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کـوردیی دەبـنەوە، وەک: جیهـانگیری و گۆڕانکـارییە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکان. لە ڕوانگەی پاراستنی بەهـا کلتـوری و ئایینییەکـان و پێشخسـتنی زمـانی کـوردی لە گوتـاری ئایینیـدا، ئـەم دامەزراوانە وەک فاکتەری سەرەکی بەردەوامیی شوناسی کورد لە سەردەمی هاوچەرخدا دەمێننەوە.

کورد بە مێژوویەکی دەوڵەمەند و کەلەپوری هەمەچەشنی ناسراوە، کە لە ژێر کاریگەری ئایین و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندایە. لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەم دواییانەدا، دامەزراوە ئایینییە کوردییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاڵنگاریی بەرچاو دەبنەوە؛ بەڵام بەردەوامن لە ڕۆڵێکی گرنگ لە یەکخستنی کۆمەڵگەی کوردی و بەهێزکردنی ناسنامەکەیدا. لەم بەشەدا لێکۆڵینەوە لەوە دەکەین کە ئەم دامەزراوانە چۆن کاریگەرییان لەسەر پاراستنی شوناسی نەتەوەیی کورد لە واقیعی هاوچەرخدا هەیە.

**یەکەم: ڕۆڵی دامودەزگا ئاینییەکان لە بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی هاوچەرخدا**

بە درێژایی مێژووی ئیسلامبوونی کورد، مزگەوت و حوجرە و ناوەندە ئایینییەکان بەشدارییان کردووە لە بڵاوکردنەوەی پەروەردەی ئایینی و بەرەوپێشبردنی بەها کۆمەڵایەتییەکانی، بەشێوەیەك هەمە جۆری زانستەکانی خوێندنگاکان و تێکەڵاوی مەلای کورد لەگەڵ بابەتەکانی زمانی عەرەبی و ئەدەبی فارسی و تورکی، و قوڵبوونەوەی لە زانستە ئاینی عەقڵی و پەتییەکاندا، نهێنی هەڵکەوتنی ئەو هەموو زاناو مەلاو ئەدیب و شاعیر و مێژوونووس و ئەستێرەناسی و زمانزان و دەیان بەهرەداریترە لەناو کورد و لە مزگەوت و خوێندنگە سادەکانی کوردستاندا (صالح، 2018، 19).

ئەمڕۆ ئەم دامەزراوانە زیاتر لە پرسەکانی ناسنامە و زمان و کلتوردا تێکەڵ بوون، بە تایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی دیجیتاڵ میدیا، کە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئایینی و نەتەوەیی بەکاردەهێنن، لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

1.پەروەردەی ئایینی هاوچەرخ: ڕێکخراو و قوتابخانە ئایینییەکان لە هەوڵدان کە پرۆگرامی نوێ لەخۆ بگرن، بەشێوەیەك تیشک بخاتە سەر ناسنامەی کورد، لەگەڵ باسکردنی زیاتری زمانی کوردی لە گوتار و چالاکییەکاندا؛ چونکە نوێگەریی و بەتایبەت نوێبوونەوەی سیاسی لە کار و جوڵەی حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا، پێویستییەکی ژیانی و مەنهەجیە، لەلایەك

گۆڕانە هەمیشەیی و نەبڕاوەکەی دیاردەی سیاسەت دەیسەپێنێ، لەلای دووەمەوە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە پێویستییەکانی گۆڕانکاری ژیانی کۆمەڵگە دەیانهێنێتە پێشەوە و، پرسی نوێبوونەوە دەکاتە پێویستیی واقیعەکە، لەلای سێهەمەوە هەبوونی ئیرادەی نوێگەریی و نوێکردنەوەی کایەکانی ژیان، گوزارشتە لە کارایی و ڕۆحیەتی بەردەوامی و ئایندەگەریی و پەرەپێدانی کۆمەڵگە (باوەمراد، www.centerfs.org).

2.پاراستنی کەلەپور لە دونیای جیهانگیردا: ئەم دامەزراوە ئیسلامییانە هەوڵی کارکردن دەدەن، بۆ بڵاوکردنەوەی بەها و نەریتە ئایینیەکانی کورد، لە هەمانکاتدا بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییە کلتورییە دەرەکییەکان.

3.بەرەوپێشبردنی یەکبوونی کۆمەڵایەتی سەرەڕای دابەشبوونە سیاسییەکان: ئەمەش بە کەمکردنەوەی دابەشکارییە سیاسییەکان، لەڕێگەی گوتارێکی یەکگرتووی ئایینی کە بەها هاوبەشەکانی نێوان کورد بەهێزتر دەکات.

4.بەکارهێنانی ئەرێنی بۆ تەکنۆلۆژیا و میدیا: دەزگا ئیسلامییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیاوە، توانیویانە تاڕادەیەکی باش هەوڵی بڵاوبوونەوەی بانگەواز و گوتاری ئایینی سەبارەت بە ئایین و شوناسی کوردیی بدەن، ئەمەش پەیوەندییەکانی نێوان کوردانی نێوخۆی وڵات و ڕەوەندی کوردی پتەوتر کردووە؛ بۆیە دەبینین زۆرجار کەناڵ و پەیجە کوردییە ئیسلامییەکان زۆرترین بینەریان هەیە.

5-بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامیی بۆ نەتەوەی کوردی، لە ڕێگەی کتێبەوە، کە لەم بوارەدا هەوڵی بەرچاو هەبووە، و تەنانەت زۆرجار لە پێشانگا نێودەوڵەتییەکانی کوردستان بۆ کتێب، زۆرترین فرۆشی کتێب بۆ کتێبە ئایینیەکان بووە، ئەمەش ڕۆڵیی دامودەزگا ئاینییەکان بەباشی دەردەخات، بۆ نمونە سەرنج بدە: (ئەنوەر، 2021، kurdiu.org).

**دووەم: ئاڵنگارییەکانی بەردەم دامەزراوە ئاینییە کوردییەکانی ئەمڕۆ**

دامەزراوە ئیسلامییە کوردییەکان لەواقیعی ئەمڕۆدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاریی ئاڵۆز دەبنەوە؛ بەهۆی بوونی کۆمەڵە هۆکارێکی سیاسی، و کۆمەڵایەتی، و کلتوری و، ئایینی، لەگەڵ خێراتربوونی گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکان، ئەم دامەزراوانە خۆیان بە ئەرک دەبیننەوە کە شوناسی زمانەوانی ئیسلامی و کوردییان بپارێزن، کە لێرەدا بە کورتی لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

1.سیاسەتی ناسیۆنالیستی وڵاتانی دەوروبەر: هەندێ ڕژێمی سیاسی تا ئێستاش ئازادیی دامودەزگا ئاینییە کوردییەکان بەرتەسک دەکەنەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕۆڵی ئەوان هەیە لە بەرەوپێشبردنی شوناسی نەتەوەیی.

2.گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕان بەرەو عەلمانیبوون: کۆمەڵگەی کوردی ڕووبەڕووی گۆڕانکارییە لە بەها کۆمەڵایەتییەکاندا، کە خەریکە کاریگەریی دامەزراوە ئایینییە نەریتییەکان کەمدەکاتەوە.

3.کاریگەری میدیای جیهانیی: هەرچەندە ئەمەش بۆ بەهێزکردنی شوناس بەکاردێت، بەڵام هەندێک میدیا بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی بەهاکان کە پێچەوانەی کلتووری نەریتی کوردین و دژی بنەماکانی ئایینی ئیسلامن، لە ئەنجامدا کاریگەریی نەرێنییان هەیە بەسەر ڕەفتاری تاک لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا (حەمە سەعید، 2022، 197-198).

4.کاریگەریی میدیای ناخۆیی: بەوپێیەی چەندین نوسراو و توێژینەوە و وتار، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان چالاکییە ئیسلامییەکان ببەستنەوە بە کۆمەڵێ ناوی نەخوازراو و بەئامانجکراوی دەرەکیی دژەکوردیی، وەك: ئیسلامی سیاسی، فریودانی نەتەوەیی، عەرەبچێتی، تیرۆریزم، بۆ نموونە سەرنج بدە (عەبدوڵڵا، 2018، 15-20).

لەگەڵ هەموو ئەم ئاڵنگارییانەدا، دامودەزگا ئایینییە کوردییەکان هەمیشە وەک لایەنێکی سەرەکی لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی کورددا دەمێننەوە؛ بەوپێیەی لە پڕ بینەرترین بەرنامەکانیان هەیە، بەڵام پێویستیان بە پەرەپێدانی ستراتیژی نوێ

هەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکانی سەردەمی هاوچەرخ. ئەم دامەزراوانە بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا و بەرەوپێشبردنی پەروەردەی ئایینی بە زمانی کوردی؛ دەتوانن بەردەوام بن لە ڕۆڵی سەرەکی لە یەکخستنی کۆمەڵگای کوردی و پاراستنی کەلەپوری کولتووری.

هەروەها پێویستە ئەوەش بزانرێ ئایینی ئیسلام بە بەراورد لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا تەنها لە کۆمەڵێک باوەڕ و ڕێوڕەسمی دیاریکراو پێکنەهاتوە، بەڵکو سستەمێکی دەوڵەتی و حوکومڕانیشە. دیدگا سیاسی و مەدەنییەکانی بۆ کاروبارە دونیاییەکان بە ئاشکرا دیارن و بەپێزن، ئایینی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە پێڕەوی لە تیۆکراسی (دەوڵەتی ئایینیTheocracy) کردووە . خودی پەیامبەری خودا (د.خ) کە لەگەڵ ئەوەی کەسێکی ئایینی بوو کارەکتەرێکی سیاسیش بوو، سەلماندی ئیسلام ئایین و دەوڵەتە، بۆیە پەیماننامەکانی (مەدینە، عەقەبەی یەکەم و دووەم، ڕێککەوتننامەی حودەیبییە، ئاشتەوایی کوچکەران و پشتیوانان، نامەکانی پەیامبەر (د.خ) بۆ هۆزەکانی عەرەب و دەسەڵاتدار و ئیمپراتۆرەکانی ناوچەکە،...) ئایینی و سیاسیش بوون. لەگەڵ ئەوەشدا لە دوای کۆچی پەیامبەر (د.خ)، یەکەم کاری هاوەڵانی ڕێکەوتن بوو لەسەر جیگرەوەیەکی ئایینی – سیاسی، کە کارەکانی بگرێتە ئەستۆ وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی، کە پێیانوترا خەلیفەکانی ڕاشدین (الخفاء الراشدون) (حەمید، 2015، 25).

**بەشی سێیەم: ئیسلام لە نێوان ڕێککەوتن یان دژایەتی گوتاری ناسیۆنالیستی مۆدێرنی کوردیدا**

شوناسی نەتەوەیی کورد، یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ چەند فاکتەرێکی ئایینی و نەتەوەیی و سیاسیدا یەکتر دەبڕێت. زانراوە کە ئیسلام بەشێکی گرنگی شوناسی کولتووری کوردی پێکدەهێنێت، بەڵام لە هەمانکاتدا لە چوارچێوەی گوتاری ناسیۆنالیستی کوردیدا کەوتۆتە بەر لێکدانەوە جیاوازەکان، کە بووەتە هۆی هەڵوێستی جیاواز لە نێوان بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیستیدا، ئەمەش وایخواستووە کە لێرەدا بە چەند خاڵێك بخرێنەڕوو:

**یەکەم: پاشخانی مێژوویی پەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کورد**

پەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ چەند سەدەیەک دەگەڕێتەوە، ئیسلام وەک فاکتەری یەکگرتوو بۆ کورد لە دژی هەژموونی بێگانە کاردەکات؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە مۆدێرنەکانی کورد، ئیسلامیان وەک کەرەستەیەک لە دژی خواستە نەتەوەییەکانیان بەکار هێناوە. بۆ نموونە: لە سەدەی بیستەمدا هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی عەلمانی کوردی هەبوو، کە هەندێك پێیانوایە کۆماری مەهاباد کەزیاتر ڕێبازێکی ناسیۆنالیستی بوو تاوەکو ڕێبازی ئایینی، بەڵام بە ڕوانین لە بنەمای دروستبوونی، دەبینرێ پێچەوانەکەی ڕاستە، کە لەسەر چوار بنەمای (ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنیەت، ئاشتیخوازی) دامەزراوە (مەجید، سەرمۆردی، 2004، 33).

**دووەم: ئیسلام لە گوتاری ناسیۆنالیزمی نوێی کوردیدا**

تێڕوانینی ناسیۆنالیستە کوردەکان بەرامبەر بە ئیسلام، بە پێی زەمینەی جوگرافی و سیاسی دەگۆڕێت. لە هەندێک بواردا، وەک هەرێمی کوردستانی عێراق، گوتارێک وەردەگیرێت کە هاوسەنگی ناسنامەی ئیسلامی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی دروست دەکات، لایەنە سیاسییەکان هەوڵدەدەن ئیسلام وەک بەشێک لە کەلەپوری کلتوری کوردیی بخەنە ڕوو، بەبێ ئەوەی بە تەواوی پەراوێزی بخەن لە پرۆگرام و سیاسەتدا. کەچی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی گەورە، بەشێک لە بزووتنەوە ناسیونالیستەکانی کورد، گوتارێکی عەلمانی توندڕەوتریان گرتۆتە بەر، کە سوودیان لە بیری چەپ و لیبراڵی وەرگرتووە (عەبدولخالق، 2014، 241، 269-270، 312-338).

**سێیەم: ئاڵنگاری و ڕەوتەکانی هاوچەرخ**

گوتاری ناسیۆنالیزمی کورد، سەبارەت بە پێگەی ئیسلام، بە تایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنی بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە ناوچەکەدا، ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی دەبێتەوە. هەروەها پەیوەندی نێوان پارتە ناسیۆنالیستەکانی کورد و گروپە ئیسلامییەکان تارادەیەك ئاڵۆزە، بەشێوەیەك هاوپەیمانی لە هەندێک حاڵەتدا هەیە و لە هەندێک حاڵەتدا گرژی زاڵ بووە، بەتایبەتی لەگەڵ گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان، و ئەو دەسەڵاتە سیاسییانەی کە بە ناوی ئیسلامەوە دژایەتی کلتور و مافی نەتەوەیی کورد ئەکەن (ئۆجەلان، س، چ، 60) (عەبدوڵڵا، 2018، 28-29).

**چوارەم: ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە هزری هاوچەرخی کوردیدا**

هەندێک سەرچاوەی کوردی ئاماژە بەوە دەکەن کە بیری ناسیۆنالیستی کوردی هاوچەرخ لە نێوان ئیلهام وەرگرتن لە کەلەپوری ئیسلامی و دوورکەوتنەوە دایە لێی. زۆرێك لە سیاسەتمەدارانی کورد پێیانوایە ئیسلام ڕۆڵی هەبووە لە دارشتنی شوناسی کورد؛ لە لایەکی دیکەوە، بەهۆی خراپ پیادەکردنی ئایین لە لایەن وڵاتانی دراوسێ بەرامبەر بە کورد، هەندێکی لە سیاسەمەتداران پێیان وایە گوتاری ئیسلامی سیاسی زیانی بە ناسیۆنالیزمی کوردی گەیاندووە، و هەمیشە وەك چەکێ کوردیان پێ سەرکۆنە کردووە (ئۆجەلان، س، چ، 60-61). بەڵام بە هەڵوەستەکردن لەسەر بنەماکانی ئیسلام و پەیامە جیهانیبوونەکەی دەردەکەوێت کە ئیسلام دەتوانێت فاکتەری یەکگرتوو بێت بۆ کورد؛ لە خەباتی نەتەوەیی خۆیدا، وەك چۆن لە ڕابردوودا زانایان و بیرمەندانی لێی بەهرەمەند بوون (صالح، 2018، 19).

**پێنجەم: ڕۆڵی لایەنە کوردییەکان لە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمدا**

لایەنە کوردییەکان هەڵوێستی جیاوازیان لە بارەی ئیسلامەوە هەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان: بەگشتی ئیسلام وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی کلتوری دەخاتە ناو گوتاری سیاسی خۆیەوە، لە کاتێکدا پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) ئارەزوویان هەیە دیدێکی عەلمانی فراوانتر بگرنەبەر، کە پێیانوایە ئیسلام سەرەکیترین بەربەستی پەرەسەندنی نەتەوەیی بووە و، هۆکاری نەهامەتییەکانی کورد بووە لەم دۆخەی تیایدا دەژین (ئۆجەلان، س، چ، 60). لەبەرامبەردا هەندێک لە بزووتنەوە ئیسلامییە کوردییەکان، وەک: بزووتنەوەی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی دادگەری لە کوردستانی عێراق، هەوڵدەدەن ئایدۆلۆژیای ئیسلامی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی ئاشت بکەنەوە (عەبدولخالق، 2014، 312-338).

**شەشەم: واقیعی هاوچەرخی کورد و کاریگەریی ئیسلام لەسەر ناسیۆنالیزم**

لە ساڵانی ڕابردوودا، ناوچە کوردنشینەکان گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەخۆوە بینیوە، کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندی ئیسلام و ناسیۆنالیزم هەبووە. لە کوردستانی عێراقدا ئاڵنگارییە سیاسی و ئابوورییەکان گوتارێکیان بەهێزتر کردووە کە شوناسی نەتەوەیی و ئایینی تێکەڵ دەکات، لە کاتێکدا ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا و سوریا بە هۆی کاریگەریی لایەنە چەپەکانی نەتەوەپەرستەکانەوە زیاتر کراوەن بەڕووی بیری عەلمانیدا. هەروەها بڵاوبوونەوەی بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەک: داعش، وایکردووە کوردەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسلامدا هەڵبسەنگێننەوە و، هێزە کوردییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرووپانەدا هەبووە.

دەکرێ بڵێین: پەیوەندی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کورد لە گوتاری هاوچەرخدا بە نەرمی و فرەیی تایبەتمەندە؛ کە بە پێی بارودۆخی سیاسی و جوگرافی لەنێوان ڕێککەوتن و لێکترازیدا دەگۆڕێت. لە کاتێکدا بەشێک لە ناسیۆنالیستە کوردەکان هەوڵدەدەن ئیسلام بخەنە ناو ناسنامەی نەتەوەییەوە (باوەمراد، www.centerfs.org)، هەندێکی تر بە پێویستی جیاکردنەوەی ئایین و ناسیۆنالیزم دەبینن؛ بۆ مسۆگەرکردنی بەدیهێنانی خواستەکانی کورد بۆ دەوڵەتێکی دیموکراسی

نوێخواز و پێشکەوتوو (ئۆجەلان، س، چ، 60-61). یاخود پێیانوایە دیموکراسیەت و دەوڵەتداریی ئیسلامیی یەکناگرنەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندیی کورد نییە؛ بۆیە پێویستە ناوماڵی کوردیی یەکبخرێتەوە و، لە هەڕەشەی ئیسلامی سیاسیی ئاگادار بن (عەبدوڵڵا، 2018، 24-25. سلێمان، 2012، dengekan.ca).

**بەشی چوارەم: شیکارییەکی هاوچەرخ بۆ ڕۆڵی ئیسلام لە داڕشتنی شوناسی نەتەوەیی کوردی لە بەرامبەر ئاڵنگاری و دەرفەتەکاندا**

پەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەبەر ڕۆشنایی ئەو تەنگەژە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لەبەردەم پێکهاتە کوردییەکاندا لەو وڵاتانەی تیایدا دابەش بوون، بە ئاڵۆزی ماوەتەوە. ئەم بەشەی توێژینەوەکە، ئامانجی شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئیسلامە لەسەر شوناسی نەتەوەیی کورد لە ڕوانگەیەکی هاوچەرخەوە، کە تیشک دەخاتە سەر ئەو دەرفەت و ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی کورد دەبنەوە لە بنیاتنانی شوناسێکی یەکگرتوودا.

لە ڕووی مێژووییەوە، ئیسلام فاکتەری یەکگرتووی پێکهاتە کوردییەکان بووە، بەڵام گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دواییە؛ جیاوازیی لە پەیوەندی نێوان ئیسلام و شوناسی نەتەوەیی کورددا دروستکردووە. ئەم شیکارییە گوزارشت لە ڕۆڵی دینامیکی ئیسلام دەکات لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە قۆناغە کاتییە جیاوازەکاندا، بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکی و کلتورییەکان.

**یەکەم: ڕۆڵی ئیسلام لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد**

ئایینی ئیسلام ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە داڕشتنی شوناسی نەتەوەیی کورد؛ بەو پێیەی بەها ئایینییەکان بنەمای یەکڕیزی کلتوری و کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگای کوردیدا پێکهێناوە، و دامەزراوە و ناوەندە ئایینەکان و زانایانی ئایینی کورد، بەشدارییان کردووە لە پاراستنی زمان و نەریتەکان، و پەروەردەکردنی هەستی نەتەوەیی و دادپەروەری لە بەرامبەر ئاڵنگارییەکاندا، ئەمەش بە کورتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخرێنەڕوو:

1. ئیسلام وەک فاکتەرێکی یەکگرتوو:

سەرەڕای هەمەجۆریی نەتەوەیی و ئایینی لە نێو کورددا، ئیسلام لایەنێکی هاوبەش بووە و هەرواش ماوەتەوە، کە گرووپە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی یەکدەخات. دەبینین ئەو پێکەوەژیان و فرەنەتەوەیی و ئایینی و لێبوردەییە بە درێژایی هەزار و چوارسەد ساڵ زیاتر دوای ئیسلام لە کوردستان بوونی هەبووە، بەرهەمی تێگەیشتنی کورد و زانایانی کورد بووە لە پەیامی جیهانیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و لە نێو قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستانیش بە سەدان سەرکردە و شاعیر و بیرمەند هەڵکەوتوون (صالح، 2018، 20).

بەڵام گەلی کورد و سەرکردەکانی، وەك پێویست نەیانتوانی نەیتوانی پەی بە ڕۆڵی ئیسلام لە دروستکردنی قەوارەکاندا بباتو، لە پرۆسەی بونیادنانو بەرەوپێشچوونی خۆیدا لێی بەهرەمەند بێت، لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندو چووە ناو ئیسلامەوە؛ بەڵام ئەوەندە ئیسلامی وەرگرت کە لەگەڵ دابونەریتە خێڵەکییەکانیدا گونجاوبێت! جا هەرکاتێك نەریتێکی لەگەڵ بنەما یاخود ڕێنماییە ئیسلامییەکاندا دژ وەستابێت ئەوە بەهەر بیانوییەك بێت- بەشێوەیەکی گشتی نەك ڕەها- نەریتەکەی جێبەجێ کردووەو ڕێنماییە ئیسلامییەکەی فەرامۆشکردووە! (محەمەد، 2016، www.historyofkurd.com).

2. کاریگەریی ئایین لەسەر بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان:

ئیسلام ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ناساندنی بەهاکانی دادپەروەری و یەکسانی و شکۆداری، کە کورد بەرجەستەی کردوون، هەروەها کاریگەری لەسەر پێکهاتەی خێڵەکی و بنەماڵەیی لەناو کۆمەڵگادا هەبوو؛ چونکە (کەسایەتیی موسڵمان کەسایەتییەکی سیاسییە، کەسایەتیی موسڵمان هەروەک چۆن ئیسلام دروستیکردوە و عەقیدەکەی سازیکردووە و شەریعەت و

sjh@univsul.edu.iq

خواپەرستیەکەشی پەروەردە کردووە، کەسایەتییەکی سیاسییە. فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە ئەرکی هەموو موسڵمانێکە) (حەمید، 2015، 75).

3. ئیسلام و ناسنامەی نەتەوەیی: لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە کوردەکان ئیسلام وەک پێکهاتەیەکی جەوهەری لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لە باوەش دەگرن (باوەمراد، www.centerfs.org)، لە هەمانکاتدا چەندین بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد هەن کە داوای جیاکردنەوەی ئایین لە شوناسی سیاسی دەکەن (عەبدوڵڵا، 2018، 20).

دەکرێ لە وەڵامی ئەوانەدا بڵێین: ئیسلام وەك ئاینێكی جیهانی، دۆستی نەتەوەیەك نییە و دوژمنی نەتەوەیەكی دیكە، كلتوری نەتەوەیەك نییە و دژە كولتوری نەتەوەیەكی دیكە. بۆیە هەڵەن ئەو كەسانەی بۆ تێگەیشتن لە واقیعی كۆنكرێتی سیاسی و كۆمەڵایەتیی نەتەوەیەك یان كۆمەڵگایەك پەنا بۆ ئیسلام دەبەن وەك ئەوەی ئیسلام جەوهەرێكی نەگۆڕی مێژوویی هەبێت. نەخێر، ئەوەی قسە دەكات، ئەوەی كە دەجووڵێت، ئەوەی ئەكشن بڵاودەكاتەوە، ئەوەی دەستنیشانی شتەكان دەكات، موسوڵمانانن نەك ئیسلام (باخەوان، 2016، www.sharpress.net).

**دووەم: ئاڵنگارییەکان**

1. کاریگەرییە سیاسییەکانی ململانێی ناوچەییەکان: بەکارهێنانی ئیسلام وەک ئامرازێکی سیاسی لە هەندێک وڵاتدا کە کورد تێیدا دەژی، کاریگەریی لەسەر دروستبوونی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی هەیە، بەو پێیەی هەندێک لە حکومەتەکان هەوڵدەدەن ئایین بقۆزنەوە بۆ پەرەپێدانی دابەشبوون لەنێوان کورددا.

2. دەستێوەردانە دەرەکییەکان: زلهێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە دووبارە دارشتنەوەی پەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسنامەی کورد، بەڕادەیەك کاریگەری لەسەر ڕێگاکانی گەشەپێدانی شوناسی نەتەوەیی هەیە.

**سێیەم: دەرفەتەکان**

1. ئەگەری یەکخستنی پێکهاتە کوردییەکان: ئیسلام دەتوانێت فاکتەرێکی یەکگرتوو بێت بۆ کورد لە وڵاتە جیاوازەکان، بە پێشخستنی بەهاکانی هاوسۆزی و هاوکاری نێوان گروپە جیاوازەکانی کورد.

2. لێکدانەوەی نوێی ئایینی بۆ پشتیوانی لە ناسنامەی نەتەوەیی: کورد دەتوانێت خوێندنەوەی نوێ بۆ ئایین پەرەپێبدات؛ کە لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی خۆیدا بگونجێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی هەستی سەربەخۆیی نەتەوەیی.

3. بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ لەڕێگەی بەها ئیسلامییەکانەوە: دەکرێت بنەما ئیسلامیەکان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد لەچوارچێوەی مافی مرۆڤدا بەکاربهێنرێت، بەمەش داواکارییەکانیان بەهێزتر بکرێت.

لە کۆتاییدا دەڵێین: ئیسلام وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لە دارشتنی شوناسی نەتەوەیی کورددا دەمێنێتەوە، لە لایەکەوە ئامرازێک بۆ یەکگرتوویی کولتووری دابین دەکات و، لە هەمانکاتدا ئاڵنگارییەکانیش لەخۆدەگرێ، کە لە لێکدانەوە جیاوازەکانی ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا سەرچاوە دەگرن. قۆناغی داهاتووی کورد پێویستی بە سەرلەنوێ ئاوڕدانەوە هەیە لە پەیوەندی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزمی کوردی؛ بۆ دەستەبەرکردنی یەکگرتوویی شوناسی نەتەوەیی کورد، لە بەرامبەر ئاڵنگارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

**ئەنجام:**

پاش لێبوونەوەی لە نووسینەوەی توێژینەوەکەدا، چەند ئەنجامێکم لا گەڵاڵە بوون، کە بە پوختی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەمەڕوو:

1. ئاشنابوونی گەلی کوردی بۆ ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی، کە کورد وردە وردە کەوتە ژێر کاریگەریی ئەم ئایینەوە، تا بوو بە بەشێکی سەرەکیی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی، بە شێوەیەك ئیسلامی کردۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتنی شوناسی نەتەوەیی خۆیدا.
2. کاتێك سوپای موسڵمانان بۆ یەکەمجار ڕوویان لە کوردستان کرد، توانیان لە ماوەیەکی کەمدا زۆرێك لە ناوچە کوردنشیەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، و زۆر جاران بەبێ جەنگ ئەو ناوچانەیان فەتح کردووە، ئەگەر جەنگ و کوشتارێکیش ڕوویدا بێت؛ ئەوا لەگەڵ سوپای فارس و ڕۆم بووە، کە ئەوکات کوردەکان ژێردەستەی ئەو دوو ئیمپراتۆرییەدا بوون.
3. پەیوەندی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردی لەژێر کاریگەریی بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندایە، ئەمەش نایەکسانی لە جێبەجێکردنیدا دروست دەکات لەنێوان یەکگرتوویی و دابەشبووندا.
4. دامودەزگا ئایینییە کوردییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە پاراستنی شوناسی کلتوری و زمانەوانیی کورد؛ بەڵام ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی هاوچەرخ دەبنەوە، کە پێویستی بە پەرەپێدانی دیدگای نوێ هەیە.
5. گوتاری ناسیۆنالیستی مۆدێرنی کورد دەرخەری جیاوازی هەڵوێستی خۆی لە سەر ئیسلامە، لە نێوان بوون بە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی یان جیاکردنەوەی ئایین لە ناسیۆنالیزم و دەوڵەتداریی.
6. سیاسەتمەدارانی کورد لە ماوەی پێشوو و هاوچەرخدا وەك پێوست نەیانتوانیوە سوود لە ئیسلام وەربگرن، لە خزمەت پرسی نەتەوەیی کوردی و داخوازییەکانی.
7. دەرفەت هەیە بۆ بەکارهێنانی بەها ئیسلامییەکان؛ بۆ پەرەپێدانی هاودەنگی لە نێوان کورد و پشتیوانیکردن لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی.

**ڕاسپاردەکان:**

1. پێشخستنی وتووێژ لە نێوان بیرمەندانی ئیسلامی و نەتەوەییەکانی کورد؛ بۆ دروستکردنی دیدێکی یەکگرتوو لەسەر ڕۆڵی ئیسلام لە ناسنامەی نەتەوەیی.
2. پەرەپێدانی پرۆگرامی پەروەردەیی کە کلتوری ئیسلامی و کەلەپوری نەتەوەیی کورد تێکەڵ بکات؛ بۆ بەرزکردنەوەی هەستی سەربەخۆیی.
3. پشتیوانیکردن لە دامەزراوە ئایینییە کوردییەکان؛ بۆ مۆدێرنکردنی گوتارەکانیان، تا لەگەڵ ئاڵنگارییەکانی هاوچەرخدا هاوسەنگ بن، بەبێ ئەوەی سازش لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی بکەن.
4. هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی سەبارەت بە گرنگی هاوسەنگکردنی ئایین و ناسیۆنالیزم؛ بۆ دەستەبەرکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی.
5. هاندانی توێژینەوەی زانستیی لەسەر پەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردی، بۆ پێشکەشکردنی شیکاریی قووڵتر لەبارەی چۆنیەتی بەها ئیسلامییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەییدا.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**


1. تاوگۆزی، محەمەد مەحمود (2014). کورد لە سەردەمی پێغەمبەردا, چ1, شارستان, سلێمانی.
2. حەمەکەریم، حەسەن مەحمود (2012). فەتحی ناوچە کوردییەکان بە ئاشتی بووە یان بە شەڕ, چ1, شڤان, سلێمانی.
3. زەکی بەگ، محەمەد ئەمین (2000). خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان, سەردەم-سلێمانی.
4. صالّح، ئاراس محمد (2018). مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ، ناوەندی سارا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
5. عەبدولخالق، مەسعود (2012). ڕۆڵی عەلمانیەت لە دروستبوونی مەینەتی کورد، چ2, ڕۆژهەلات, هەولێر.
6. عەبدولخالق، مەسعود (2014). ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان، چ1، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
7. عەبدوڵلا، شاخەوان برایم (2018). ئیسلامی سیاسی، فریودان و تیرۆریزم، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، چ1.
8. قەفتان، سالّح (2004). مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ, چ2, شڤان, سلێمانی.
9. مستەفا، شوان عوسمان (2002). کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد, چ1, تەما, سلێمانی.
10. مەجید، سەرمۆردی: نەوازد، خدر (2004). کۆماری کوردستان - مەهاباد 1946 لە ڕووی یاسای گشتیی نێودەوڵەتیەوە، مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی، چاپی یەکەم.
11. میرزا، ئەحمەد میرزا (2016). بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستان، و: بورهان حاتەم, چ1, نووسینگەی تەفسیر, هەولێر.
12. مەحمود، کامیل (2020). عەولەمە و پێغەمبەرایەتی، چاپەمەنی نارین، هەولێر، چاپی یەکەم.
13. مەردۆخی، محەمەد (2007). مێژووی کورد و کوردستان, و: عەبدولکەریم محەمەد سەعید, چ2, هێمن – سلێمانی.
14. ناوخۆش، سەلام (2012). کورد لە نێوان بە ئیسلام کردن و بە ئیسلام بووندا, چ1, نووسینگەی تەفسیر, هەولێر.
15. نەبەز، جەمال (2005). کوردانی زەرگەردان و برا موسڵمانەکانیان، و: سوارە قەلادزەیی, چ1, ڕۆشنبیری, هەولێر.


**دووەم: نامەزانستییەکان**


16. حەمید، هاوار کەریم (2015). ڕۆڵی ئایین لە ڕەفتاری سیاسیی ئەندامانی کۆمەڵگای کوردیدا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە، لە هەرێمی کوردستاندا)، نامەیەکە پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە کۆمەڵناسی.


**سێیەم: گۆڤارە زانستییەکان**


17. ئارام عمر علی، سروە طاهر علی، پەری عمر علی، ڕۆڵی ئاین و زەمینەی گەشەسەندنی شیعری کلاسیکی کوردی (نالی) بەنموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی حەوتەم، ژمارە 3، 2020.
18. برۆنسێن، مارتین ڤان (2019). کوردەکان و ئیسلام، و: ژیلا خۆش بەیان، گۆڤاری تیشك، ژمارە: 54، ساڵی: 21.
19. حەمەسەعید، نەزاکەت حسێن (2022). کاریگەری دراما بیانیەکان لەسەر گۆڕینی کلتوری خێزانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، حەوتەمین کۆنفرانسی زانستی زانکۆی گەرمیان، بەناونیشانی : کێشە خێزانییەکان لە کوردستان: هۆکار و چارەسەر، ئایاری ٢٠٢٢.

**چوارەم: ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان**

20. ئەنوەر، سەروەر (2021). ئەمساڵیش زۆرترین فرۆشی کتێبی پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی، کتێبی ئاینی بووە، ماڵپەڕی کوردیو، ڕێکەوتی: 2021 /11/28: www.kurdiu.org
21. باخەوان، عادل (2016). ئایا ئیسلام بەرپرسیارە لە "دواکەوتن"ی کورد؟ شار پرێس: www.sharpress.net
22. باوەموراد، مەولود (2025). حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان و پرسی نوێگەری، ماڵپەڕی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندە، ڕێکەوتی: 2025/1/13: www.centerfs.org
23. سلێمان، تەها (2012). ئیسلامی سیاسی و دیموکراسی؟ ماڵپەڕی دەنگەکان: dengekan.ca
24. محەمەد، کامەران (2016). پەیوەندی کورد و ئیسلام ڕامان لە موسڵمانبوونی کورد، ماڵپەڕی مێژووی کورد، ڕێکەوتی: 2016/3/29: www.historyofkurd.com

**پێنجەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

25. ابن الأثير، عز الدين أبو الحسن علي بن محمد الجزري. (1996). أسد الغابة في معرفة الصحابة. اعتنى بتصحيحها: عادل أحمد الرفاعي. بيروت: دار إحياء التراث العربي.
26. ابن تيمية، أحمد بن عبد الحليم. (2002). شرح حديث جبريل - عليه السلام - في الإسلام والإيمان والإحسان. تحقيق: علي بن بخيت الزهراني. الرياض: دار ابن الجوزي.
27. ابن حنبل، أحمد بن محمد. (2001). المسند. تحقيق: شعيب الأرنؤوط وآخرون. بيروت: مؤسسة الرسالة.
28. ابن رجب، عبد الرحمن بن شهاب الدين. (2008). جامع العلوم والحكم في شرح خمسين حديثاً من جوامع الكلم. تحقيق: الدكتور ماهر ياسين الفحل. دمشق – بيروت: دار ابن كثير.
29. ابن عودة، عبد القادر. (1977). الإسلام وأوضاعنا القانونية. ط5. القاهرة: المختار الإسلامي للطباعة والنشر والتوزيع.
30. ابن مهران الأصبهاني، أحمد بن عبد الله بن أحمد بن إسحاق بن موسى. (1998). معرفة الصحابة. تحقيق: عادل بن يوسف العزازي. الرياض: دار الوطن للنشر.
31. البخاري، محمد بن إسماعيل. (2016). الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه. اعتنى به: دار الكمال المتحدة. الناشر: عطاءات العلم – الرياض.
32. البغوي، الحسين بن مسعود بن محمد بن الفراء. (1983). شرح السنة. تحقيق: شعيب الأرنؤوط، محمد زهير الشاويش. دمشق – بيروت: المكتب الإسلامي.
33. السجستاني، سليمان بن الأشعث الأزدي أبو داود. (2009). السنن. تحقيق: شعيب الأرنؤوط، محمد كامل قره بللي. بيروت: دار الرسالة العالمية.
34. السقار، منقذ بن محمود. (د.ت). تعرف على الإسلام. مكة المكرمة: رابطة العالم الإسلامي.
35. الطبري، محمد بن جرير. (2001). جامع البيان عن تأويل آي القرآن. تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن التركي. القاهرة: دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان.
36. طنطاوي، محمد سيد. (1998). التفسير الوسيط للقرآن الكريم. القاهرة: دار نهضة مصر.
37. القِنَّوجي، محمد صديق خان بن حسن بن علي ابن لطف الله الحسيني البخاري. (1992). فتحُ البيان في مقاصد القرآن. تحقيق: عبد الله بن إبراهيم الأنصاري. صيدا – بيروت: المكتبة العصرية.

38. الماوردي، علي بن محمد بن محمد بن حبيب البصري البغدادي. (د.ت). النكت والعيون. تحقيق: السيد ابن عبد المقصود بن عبد الرحيم. بيروت: دار الكتب العلمية.
39. مسلم، مسلم بن الحجاجالنيسابوري. (2002). الجامع الصحيح. تحقيق: محمد زهير الناصر. بيروت: دار طوق النجاة.
40. الحمد، محمد بن إبراهيم. (2014). الإسلام، حقيقته - شرائعه - عقائده - نظمه. الرياض: دار ابن خزيمة.
41. الحسينان، خالد بن عبد الرحمن. (2010). دروس تربوية من الأحاديث النبوية. الرياض: مركز الفجر للإعلام.
42. الهسياني، دحام إبراهيم. (2018). سيرة الصحابي جابان الكردي وابنه ميمون وروایاتهما. أربيل: مكتب التفسير.
43. يُسري، محمد. (2015). إنّ الدين عند الله الإسلام. القاهرة: دار اليسر.
44. النسفي، أبو البركات عبد الله بن أحمد بن محمود حافظ الدين. (1998). مدارك التنزيل وحقائق التأويل. تحقيق: يوسف علي بديوي. بيروت: دار الكلم الطيب.

# The role of Islam in strengthening Kurdish national identity: a descriptive and analytical study

**Summary:**

Islam as a heavenly religion and the embodiment of the Kurdish majority, has an active participation in the life of Kurdish society, so this study aims to show the role of Islam as a main pole for the formation and strengthening of national identity Kurdish, with emphasis on the cultural, social and political dimensions of Kurdish life. The paper examines the relationship between religion and Kurdish national identity, by presenting how Islam has influenced the strengthening of social relations and maintaining the unity of Kurdish society, despite various challenges such as: foreign occupation and political division. Therefore, the study contributes to a deeper understanding of the relationship between religion and nationalism in multicultural societies.

The research questions include: What role has Islam played in the revival of national thought and preservation of Kurdish identity? Why has the dominance of Islamic principles not been used to serve national identity? The research relies on analytical methodology; It combines historical research and analysis of Kurdish religious and political texts. The research plan also includes the following topics:

sjh@univsul.edu.iq

Gateway: A brief discussion about Islam and Kurdish conversion to Islam

Part 1: The role of Islamic culture in paying attention to the Kurdish nation and culture

Part 2: Kurdish religious institutions and their role in preserving national identity

Part 3: Islam between agreement or opposition to modern Kurdish nationalist discourse

Part 4: A Contemporary Analysis of the Role of Islam in Shaping Kurdish National Identity in the Face of Challenges and Opportunities.

In the end, the study has reached several conclusions, including: Islam has contributed to the preservation of Kurdish cultural identity, and in the past, Islam has not been used properly in the service of the Kurdish national issue and its new demands.

**Keywords**: Islam, Kurds, National Identity.